# ڕازانەوەی دواوەی جلی كوردی

چۆنییەتی ئاشنا بوون لەگەڵ مۆدە و شێوازی جلی كوردی، دەبێ لە گشت روویەكەوە بێ، وەك رێگەیەكی دیـــاری كراو تا بتوانین خاڵی جوانی و لاواز لە دیمەنی جلی كوردیدا دەســـت نیشـــان بكەیـــن، وەك ئەوەی لایەنی جوان و ناشایســـتە دیاری كراو بێ، لەگەڵ ئەوەشـــدا چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە. ئەگەرچی دیمەنی پێشەوە و سەرەوەی جلی كوردی گرنگییەكی ئەوتۆی هەیە، هەروەها گرنگـــی دیمەنی دواوەش چ لە هاوشـــێوەكەی كەمتر نییە، بۆیە دەبێ خانمان وریای ئەو لایەنە بن لە چۆنییەتی هەڵبژاردنی دیمەنێكی شایستە بـــۆ جلی كوردی لە دواوە، بەهۆی بوونی نەخش و ئێكسسوار و شتی دیكە لەلای پێشەوەی جلی كـــوردی، وەلێ ئەوەی لە دواوە ئـــەو لایەنە بەدی ناكرێ، بەم جۆرە دەبێ ئاراستەیەكی دیكەی جوانی بۆ دواوەی جلی كوردی دەست نیشان بكەین، ئەویش لە رێگەی جوانكاری بە ئێلەگ و پشـــتێنەوە ئەو جوانییە دەردەخەین و بەرەو ئاراســـتەیەكی دیكەی دەبەیـــن، هەروەها كاتێك ئێلەگ تەســـك دەبێ و پشـــت بە تەواوی دەگرێت، بەمەش دیمەنی كراسە كوردییەكە، شـــێوەیەكی دیكـــە دەنوێنێت، هەروەها بوونی پشتێن، بەشی ناوقەد رازاوەتر دەكات، ئەویش بە تەســـك بوونەوەی كراسەكە، كە وادەكات جەستە لە دواوە بە شایستەترین دیمەن دەربكەوێ، ئەمەش رێگەیەكی ئاسانە و بۆ گشت خانمێك كە دەتوانێت ئەنجامی بدات.





## ئێكســـــــ

هەرچەند گرنگی بە دیكـــۆری ماڵ بدرێ، هێشـــتا چەندین هەنگاو دەمێنێت تا بەو ئاستە بگات كە بە دیكۆرێكی رازاوە و جوان دابنرێت، بەڵام ناكرێ بە هۆی رێگەیەكی نەشیاو، جوانیی دیكۆر تێك بدرێ و لەلایەنێك بۆ لایەنێكی دیكە جیاوازی هەبـــێ، جوانیی دیكـــۆر لەو كاتەدا دەردەكەوێ، كە ســـەیری هەر بەشـــێكی ماڵ بكەیت، جوانییەك بنوێنێت و لەگەڵ بەشـــەكەی دیكەدا جیاوازی هەبێت، بەم رێگەیەش دەتوانین




## كەزی لـــــ

خانمان هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان بە جوانترین و بە نایابترین شێوە تەسریحی قژیان رێكبخەن، بۆیە هەردەم بەدوای نوێترین و سەرنجراكێشترن شـــێوازدا دەگەڕێن بۆ قژەكانیان،كەزی یەكێك بووە لە ســـتایل و تەسریحە باوەكانی قژ، بەڵام ئەم شێوازی كەزییەی ئێستا كە لوولی تێكەڵی پێچخواردووە بەچەندین شێوازو جۆر وەك نوێترین تەسریحە دەتوانن سوودی لێوەرگرن بۆ قژەكانتان

# مۆدەیەکی تێکەڵ لە نێوان دوو ستایلی جیاواز

زۆربەی پسپۆرانی بواری جوانکاری و مۆدە، هەوڵدەدەن لەگەڵ هاتنی هەر وەرزێك یان ماوەیەك لە وەرزەکانی ساڵ، ئەو جۆرە مۆدەیە هەڵبژێرن کە لەگەڵ نەشونما و دیمەنی کاتەکەی گونجاو بێ، بۆیە تووشی کێشە دەبنەوە کە ناتوانن ستایلێکی ستاندارد یان گشتی رێکبخەن، بەمەش چارەسەرێك دەدۆزنەوە بۆ تێکەڵ کردنی مۆدەکان تاوەکو لە ئەنجامدا ستایلێکی تایبەتیان بۆ دەربچێت، تێکەڵ کردنی مۆدە، یان جلەکان، لەلایەن هەر خانمێکی ئاساییەوە ئەنجام دەدرێت، کە لە تێکەڵیی ستایلەکان، مۆدەیەکی کۆتایی و جوان رێکبخرێت و ببێتە مایەی جوانییەکی رەها، کە بە پێی پێویست بێ بۆ ئەو وەرزە و لەگەڵ جەستەی ئەو کەسەوە یان لەگەڵ رەنگی پێیستی گونجاو بێ. بۆ نێوان وەرزی هاوین و پایز، کە هەریەکەیان دوو ستایلی جیاواز لە خۆ دەگرن، بەمەش دەتوانین جل و ستایلەکانی ئەو دوو وەرزە تێکەڵ بکەین، تا لە کۆتاییدا مۆدەیەکی نێوان هاوینە و پایزەمان بۆ گەڵاڵە ببێت، بۆ ئەو کاتەی ئێستاش، دەبێ ئەو جۆرە مۆدەیە بەدی بکەین، چونکە مۆدەی دیکە لەگەڵ کاتەکانی نێوان ئەو دوو وەرزە گونجاو نابێت، ئەو مۆدەیەش کە لە پانتۆڵی کاوبۆی جینز لەگەڵ بۆدی یان تیشیرتێکی ناسك، هەروەها دەتوانین لەگەڵ چاکێتێکی ناسك و پێڵاوێکی پاژنەدار هەر یەکە لەو سێ مۆدەیە رێکبخەین.








## ـــــواری پەردە دیکۆری ماڵ رازاوە دەکات

گۆڕانکاری بەدی بکەین لە گشت بەشێکی دیکۆری ماڵەوە، وەك ئەوەی دیمەنێکی جیاواز لە هەر بەشێکدا دیار بێت، یەکێك لەو بەشانەی لە دیکۆری ماڵ، وەك ئێکسسوارێکی رازاوە دەردەکەوێت، هەروەها سوودی پۆشین و رازاوەکردنی هەیە، ئەویش پەردەی ئێکسسوارە، کە جۆرە پەردەیەکە لە کریستاڵ و سورەییا دروست کراوە، بەمەش لەگەڵ شایستەترین شوێن و هەر ئەو شوێنانەوە دەگونجێت کە بۆی دادەنرێت.

ئەو جۆرە ئێکسسوارە زیاتر لە بەردەم ژووری گەرماو، یان لە پێش شوێنی دەست شۆرین دادەنرێت، وەك پۆشینی دیمەنی دواوە، تەنانەت ئەو جۆرە پەردەیە، سوودێکی دیکەشی هەیە، ئەویش دیمەنە جوانەکەیەتی، کە کار دەکاتە سەر رازاوە کردنی ئەو شوێنەی لێی دادەنرێت، لەم رێگەیەوە، دەتوانین کار بکەین لەسەر دانانی ئێکسسواری لەم جۆرە، بە تایبەت لە ژووری چێشت و گەرما و بەردەم دەست شۆردا.





## ـــوولی تێکەڵ نوێترین ستایلە بۆ قژ

بەو شێوەیەی خۆتان دەتانەوێت، جا بە شێوازی سادەی تێکەڵ بێ یان ناسادە، ئەوەی دەیبینین دەتوانن بە ئارەزووی خۆتان واتە یان ئەوەتا بەشێوەی کەزی تۆپەڵ یانیش کەزی شۆڕ رێکی بخەن لەگەڵ گونجانی جلەکان، چونکە دەبێ ئەوە بزانن هەندێك شێوازی تەسریحە هەیە کە جوانیی جل و بەرگ دەشارێتەوە، ئەوەی شایەنی باسە خانمانی بەڕێز دەتوانن لەگەڵ کەزیدا چەند ئێکسسوارێکی وەك مورو یان تۆقەی بچووك و قردێلە بەکار بێن تا جوانی و ناسکی و شایستەییەکی زیاتر بدات بە قژەکانان، ئەو جۆرە تەسریحەیەش شیاوی جوانیەیکی رەهایە، کە لە بۆنە تایبەتی و گشتییەکاندا بەکاردەهێنرێت، هەروەها دەکرێ ئەو جۆرە تەسریحەیە لە ماڵەوەش ئامادەبکرێت و نیشان بدر یێت کە بۆ دەرەوەش هەر گونجاوە.

## کراسی خانمان له پەڕی تاوس دروستکراوە

دروست کردنی کەرەستەی جوان و سەیر، رۆژانە کاری لەسەر دەکرێ و دەبێتە یەکێك لە جوانترین و سەیرترین کەرەستەکان، وەك دەزانین جلوبەرگ لە قوماش و پەمۆ و یان داو دروست دەکرێ، زیاتریش پێستی گیانداران یان خووری ئاژەڵانە، بەڵام لە وڵاتی چین وا دیارە بیریان بۆ کاری دیکە چووە، ئەویش دروست کردنی جلوبەرگە لە پەڕی باڵندەکان، دوای ئەو هەوڵە گرنگەی داویانە، توانیان کراسێکی خانمان لە پەڕی تاوس دروست بکەن، کە نزیکەی (٢٠٠٩) تەڵە پەڕیان تێدا بەکارهێناوە تاوەکو کراسەکە تەواو بێ، نرخی ئەو کراسەش دەگاتە ملیونێك و پێنج سەدهەزار دۆلار.



## جۆرەکانی نانی کوردی

لە کوردەواریدا چەندین جۆرە نان هەن، کە لە ئارد و گەنم دروست دەکرێن، هەر یەکە لەو نانانە، وەك سەرچاوەیەکی گرنگی خواردن لە ژیانی کوردەواریدا دادەنرێت، بیرۆکەی دەرکەوتنی ئەو ژمارەیە لە جۆرەکانی نان، بۆ جیاوازی هۆز و خەڵکی ناوچە جیاجیاکان و یان ناوچەکانی کوردستان دەگەڕێتەوە، کە هەر یەکە بە شێوازی خۆش نان دروست دەکەن و دەیخۆن، بۆ نموونە: لە ناوچەی هەورامان نانی تایبەت بە خۆیان هەیە، جۆرەکانی نان بە گشتی ئەمانەن : نانی تیری – ئەستورك، ئەستورکە بە تەندوور یان لە ناوچەی سەرەوە بە سەوك ناسراوە، شەکر، بە پەنیر، بە ژاژی-ناوساجی یان ناوسێڵی- ناسکە نان – لووشە (کە وەك ئەستورکە بە تەندوورە بەڵام شێوەی درێژە – دورەك، کە وەك نانی تیری وایە، بەڵام شێوەی بچووکترە و بە گەرمی دەخوردرێت- گازالە کە پارچە هەویرە و دەخرێتە سەر سێڵی نان و تا سوور دەبێتەوە، ئەوەش زیاتر بۆ منداڵانە- نانی تەندووریش هەیە، کە لەناو تەندوور ئامادە دەکرێ- ناسکە نان، کە شێوەی وەك ئەستوورکە و بە رۆنەوە دەخرێتە سەر سێڵ و چەور دەبێت- هەروەها ناوسێڵی یان ناوساجی، دەبێ هەویری ترش لە هەویرەکە بکرێ تاوەکو جوان هەڵبستێ )، هەر یەکە لەوانە جۆرە نانێکە لە خواردنی کوردی، ئەگەرچی جۆری دیکەش ماوە، بەڵام ئەوەی ئاماژەمان پێکرد زیاتر سەرەکین و رۆژانە دەخورێن.



## کێشکە و کۆتری کوڵاو

خواردن لەکوردەواریدا بە چەندین جۆر وشێوە بووە، یەکێك لەو خواردنانەی کە لە هەولێر بەناوبانگە، تا ئەمڕۆش لە نێو خەڵکدا باوی هەیە، کە خواردنێکی خۆش و بەتامە، ئەویش (کێشکە و کۆتری کوڵاو)ە، کەسانێکی زۆر حەز بەو خواردنەوە دەکەن و کە خواردنێکی سووك و خۆشە و بێ زیانە بۆ سەر گەدە، چەندین چێشتخانە لە گەڕەکی تەعجیلی شاری هەولێر هەیە و تییێدا کێشکە و کۆتری کوڵاو ئامادەدەکات، مێژووی ئەو جۆرە خواردنە میللیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی پەنجاکان، دواتریش یەکێك لە خاوەن چێشتخانەکان کە ناوی مامۆستا ئەحمەدە، گوتی: وەك خواردنێکی خۆش و بەتام، خەڵکانێکی زۆر داوای دەکەن، دوای ئەوەی کۆتر و کێشکە راو دەکرێ بە ئامێری قورمە و یان تەلی تایبەت، دواتر پاك دەکرێتەوە و دەکوڵێنرێت بە ئاوی خۆی، کە تامی ئاوی خۆی وەك چەلاوێکی خۆش وایە، ئینجا هەیە بە تەنیا گۆشتەکە دەخوات و هەروەها هەن لەگەڵ چەلاوی خۆیەوە دەیخۆن، چیرۆکی ئەو وێنەیە بۆ ساڵی (١٩٧٠) دەگەڕێتەوە و گیراوە کە نرخی بە (درهەمێك یان دوو درهەم بووە، یەکێکیان برای و ئەوەی دیکەش کوڕی پوریەتی، ناویان: سەلاح شەهاب و مزەفەر جوبرائیلە، کە پیشەیان فرۆشتی کێشکە و کۆتری کوڵاو بووە، ئەو کەسانەی بەناوبانگ بوون لە دروست کردنی ئەو خواردنەدا (مام حەمید و مام کاکل)ن، هەروەها (مام سەلیم قاقا)ی هەبووە و ئەوانە لە مام سەلیمیان دەکڕیەوە، و نرخی کێشکە و کۆتری کوڵاو (کۆتر بە (٧) هەزارە و کەویش بە (٢٠) هەزارە، کێشکە بە (٢) هەزارە، فڕوجیش بە (١٣) هەزار و سووێسکەش بە (٦) هەزارە دینار و بازاڕێکی گەرمی هەیە، زۆرێك لە خەڵك هەن رۆژانە ئەو خواردنە نۆش دەکەن.





# ڕۆژنامەی کوردستان نۆبەرەی ڕۆژنامەگەری کوردی

کورد وەك هەر نەتەوەیەك لە نەتەوەکانی جیهان، خاوەن چەندین کاری جوان و بەهرەی بە ئەمەکە، کە لە دێر زەمانەوە کاری کردووە لەسەر داهێنانی تازە و گرنگی دان بە گشت بوارەکانی ژیان، کە جێگەی جوانی و پێشکەوتن و داهاتوویەکی بەهێز بێ، یەکێك لەو لایەنانە بواری ڕۆژنامەگەری و بڵاوکردنەوەیە، لە ساڵی ١٨٩٨ی زایینی توانرا یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی چاپ و بڵاو بکرێتەوە بۆ (٥) ژمارە، کە بە ناوی ڕۆژنامەی کوردستان بوو، تا ئێستا بە نۆبەرەی ڕۆژنامەی کوردی دادەنرێ و لەلایەن کەسایەتییەکی کورد کە ناوی (مقداد مەدحەت بەدرخان )بوو، کە کوری بەدرخان پاشا بووە، میر بەدرخان (٤٢) کوڕ و نەوەی هەبووە، یەکێك لە کوڕەکانی کە گرنگی بە بواری فیکر و فەلسەفە و ڕۆژنامەگەری داوە، ئەویش (مقداد)بوو، دوای ئەوەی دژیایەتیان دەکرا لە تورکیا و بە تایبەت لە شاری ئەستەنبۆڵ، ئەو هۆکارە وای کرد کە ڕۆژنامەیەك لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسر دەربچێ بە ناوی کوردەوە ئەویش لە (٢٢ی نیسانی ١٨٩٨)، ڕۆژنامەکە بە قەبارەی (A٤) دەرکراوە، بە زمانی کوردی دەرچووە و یەکەمین ژمارەی باسی لە بارودۆخی کورد کردووە لەبواری نەتەوەیی و پەیامێکی کورد بۆ ناساندنی کورد و باس لە گرفت و کێشەکانی کورد و شیعر و




هەواڵ و ڕێکلامیشی تێدابووە، ئەو ڕۆژنامەیە بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ دەرچووە و بۆ گشت پارچەکانی کوردستان بردراوە بە پۆست، ئەویش لەبەر ڕاوەدوونانی کەسانی سەرپەرشتی سەر ئەو ڕۆژنامەیە، دواتر لەلایەن عەبدولرەحمانی برای مقداد زیاتر گرنگی بەو ڕۆژنامەیە درا و لە چەندین وڵاتی دیکەوە دەرکراوە.



# شەڕە کەڵەشێر !

**ڕەوەند بەختیار**

کەڵەشێر نەك تەنیا گۆشت و پەڕەکانی بەکاردێت، بەڵکۆ لە کۆن و ئێستاشدا بۆ مەبەستی کات بەسەر بردن یان پێشبڕکێ بە کاردێت، هونەری پێشبرکێکردن بە ئاژەڵان لە ناو کوردا هەر لە کۆنەوە هەبووە و تا ئێستاش بەردەوامە،لە شەڕە کەڵەشێردا کەڵەشێر بەکاردێنن و پێشبڕکێیان پێدەکەن بۆ ئەوەی بزانن کامەیان بە هێزتر و باشترە. ئەو کەڵەشێرانەی بۆ شەڕ بەکاردەهێنرێن، کەڵەشێری ئاسایی نین، بەڵکو تایبەتمەندن و ڕەنگە هەندێ جار دەگمەنیش بن ئەوەی لەسەر کەڵەشێر زانراوە هەر لە کۆنەوە وەکو مێژوو هەبووە بەڵام بەگۆڕانی ژیان، ئێستا تەنیا لە لادێیەکان ماوەتەوەو تا ڕادەیەك کەم بووە. ئەو کەڵەشێرانەی بە شەڕ دەهاتن زیاتر کەڵەشێری کوردی خۆمانە یان کەڵەشێری شامی بەکاردێت کە جۆرێکی تایبەتە هەندێك جار خاوەنی دووکەڵەشێرەکە لەسەر شتێکی دیار یکراو، گرەویان دەکرد و خەڵکیش لە دەوری کەڵەشێرەکان کۆدەبوونەوە تا کۆتایی پێدەهات، سەیریان دەکرد، کەلەشێری دۆڕاو یان هەڵدەهات یانیش لە بێتواناییان دەکەوت و تەنانەت زۆر جار مرداریش دەبێتەوە، ئەوەی شایەنی باسە لە گوندان، زیاتر لە کاتی عەسراندا، لە شوێنێکی دیاری کراو یان شوێنێکی نزیك لە دیوەخانی ئاغای گوند ئەم پێشبرکێیە ئەنجام دەدرا، لە هەولێریش لە گەڕەکەکانی تەیراوە و خانەقا و سەیداوە، ماوەیەك ئەو پێشبڕکێیە هەبووە، جاری وا هەبووە نرخی کەڵەشێرێك هاوتای نرخی ئۆتۆمبێلکی بچووك بووە.


# بووکە شووشەی ڕاستەقینە



کاتێك منداڵێکی جوان دەبینین، بەناوی بووکە شووشە بانگی دەکەین،لەبەر ئەوەی شێوەی ڕووخساری ئەوەندە ناسکە، لە بووکە شووشە دەچێ، بەمەش دەبێتە یەکێك لەو مرۆڤە سەیرانەی کە لەبەرچاوی خەڵکەوە بە سەرنجڕاکێشترین مرۆڤ بزانرێ، لە وڵاتی کەنەدا، کچێك بەناوی (ئەناستازیا) ی تەمەن (١٧) ساڵە، شێوەی وەك بووکە شووشە وایە، ئەگەر ئەو کچە لە دوورەوە بوەستێ کەس نازانێ مرۆڤە یان بووکە شووشەیە، چاوێکی گەورە و دەمێکی بچووکی، وەك بووکە شووشە، زۆر جار مرۆڤ بەرامبەر ئەو کچە هەڵە دەکات و وا دەزانێ دروست کراو و بووکە شووشەیە.

## وێنە جوانەکان

زۆر جار لە کاتی وێنەگرتندا، بۆ گاڵتە و خۆشی، کە زیاتر لە کەسێك دەوەستن، یەکێك دوو پەنجەی بەرز دەکاتەوە و لە دواوە دەیخاتە سەر سەری ئەو کەسەی کە بیەوێ گاڵتەی لەگەڵدا بکات، ئەمەش وەك ئەوەی گوێدرێژ بێ، کەچی لەم وێنە کاریکاتێرییە، چەند کەروێشکێك وێنە دەگرن و یەکێك لە کەروێشکەکان، ئەو کارەی کردووە کە دوو پەنجەی خستۆتە سەر سەری هاورێکەی، ناشزانێت کەخۆی گوێچکەکانی هەیە، مەبەست لەو کاریکاتێرە، هەیە هاورێی خۆی بە کەسێکی نەزان دەزانێت و کەچی لە رواڵەتدا وا نییە.




## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان رێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی شارێکی کوردستان کە بە زۆر تەعریب کراوە بۆت دەربچێ .

ق ی ە ا خ ن ن

وەڵامی ژمارەی پێشوو :یانەی پێشمەرگە

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لایەنی سۆزداریت کێشەو گرفتی تێدەکەوێت، بەڵام دەستەوەستان نامێنیت و هەوڵی بنبڕکردنی گرفتەکان دەدەیت و لایەنی بەرامبەر لەراستیەکان دەگەیەنیت، بەمەش ویژدانت ئاسوودە دەکەیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

سادەیی و ساکاریت ئاکارو رەوشتی جوانتر کردوویت لەلای کەسوکاریشت شیرینترو خۆشەویستر بوویت، بەڵام هەست دەکەیت کەسانێك ئەم هەڵسوکەوتانەی تۆ بەهەڵە لێك دەدەنەوە.

### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

پاداشتێکت بەدەست دەگات و باری داراییت بەرەو باشتر دەبات، پرۆژەی گەشتێك سەردانی کەسێکی ئازیزی دوور لەمێشکت سەرهەڵدەدات، گرفتە سۆزدارییەکەشت بەرەو کۆتایی دەچێت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەم ماوەیە زۆر گرنگی بە ژیانی کۆمەڵایەتیت دەدەیت، هەروەها ئاوات و حەزەکانت زیاتر دەبێت، بەڵام کەمێك دڵتەنگ دەبیت بەهۆی نارۆشنیی ئاکامەکان، بەڵام چونکە بەخت یاوەریت دەکات سەرکەوتن بۆ تۆیە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

دڵی دۆستەکەت مەرەنجێنەو گرنگیی پی بدە، چونکە ئەو تۆی زۆر خۆشدەوێت، ئاگاداری هەڵسوکەوتت بە، ئەم ماوەیە هەست بەماندوو بوون و بێزاری دەکەیت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لەبواری ئەڤینداریی‌یەوە هەست بە دڵتەنگی دەکەیت، ئەمەش بەهۆی دوودڵیتەوەیە بەرامبەر بە دۆستەکەت و وا هەست دەکەیت کە زۆر شت هەیە لەتۆی دەشارێتەوە، لەبیرت نەچێت تۆش زۆر شتت لەو شاردۆتەوە .

## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (دارەبەن) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (شتێکە نابینرێ، پێچەوانەی دومۆر، پێچەوانەی نەکسە)
- پیتی خانەکانی (٤+٦+٧) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی شیرین)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+٧) کۆبکەیتەوە بە مانای (شتێکە بە کەوان دەهاوێژرێ)
- پیتی خانەکانی (٣+٥+٦+٧)کۆ بکەیتەوە بە مانای (سەوزەیەکە، سەوزە و درێژە)



# قژی ڕەنگاوڕەنگ

قژی هەر کەسێك بە جۆرە تەسریحە و ستایلێکە، هەر یەکە ئازادە لەوەی چ جۆرە مۆدەیەك بەکاردەهێنێ، یان قژی بەو جۆرە دادەهێنێ کە خۆی دەیەوێ، بەڵام وادیارە ئەو خانمە، پێچەوانەی گشت مۆدە و ستایلەکان، هەڵساوە بە ڕەنگ کردنی قژی، بە چەندین ڕەنگی جیاوازەوە، ئەگەر سەیری قژی بکەی، وەك ئەوە وایە سەیری پەلکە زێڕینە بکەی، ڕەنگە لە ساڵانی داهاتوودا ئەو جۆرە قژە ببێتە مۆدە و باوی زیاتر بێ.

## شێواندنی وێنە

لەو وێنەیەدا، وێنەی سەرۆکێکی وڵاتێکی جیهانە و لە بازاڕدا ئایس کرێم دەخوات، هەوڵبدە بزانیت ئەو سەرۆکە کێیە؟!





## تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لەبواری سۆزدارییەوە سۆزێکی ئێجگار قووڵ لەناخی دڵتەوە هەڵدەقوڵێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر پارێزی نزیکی خۆشەویستەکەت دەبیتەوە، پێویست بەم هەموو گومانە ناکات و دوو دڵیش مەبە.

## دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

لەو پرۆژەی کە بۆ دوارۆژ بیرت لێکردۆتەوە تەنیا ئەوەندەی پێویستە دەست بە جێبەجێکردنیان بکەیت ئەوەی دیکە خۆی بە ئاسانی جێبەجێ دەبێت، گۆڕانکارییەکان وات لێدەکەن لەڕووبەڕووبوونەوە نەترسیت.

## کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لەڕووبەڕوونەوەی هەندێ هەڵوێست کە پەیوەندی بەخۆشەویستەکەتەوە هەیە مەترسە، لەرابردوو دووربکەرەوە تا بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێیت، ئامۆژگاری دەوروبەرەکەت وەربگرە.

## گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

لایەنی سۆزداریت کێشەو گرفتی تێدەکەوێت، بەڵام دەستەوەستان نامێنیت و هەوڵی بنبڕکردنی گرفتە کان دەدەیت و لایەنی بەرامبەر لەراستیەکان دەگەیەنیت، بەمەش ویژدانت ئاسوودە دەکەیت.

## گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئەو دنیایە تەنیا ڕۆژێك و دووان نییە، ڕۆژێك هەر دێت ئەو کەسەی کە هەڵوێستی بەرامبەرت خراپە پەشیمان بێتەوە، کەمێك دان بەخۆتدا بگرە.

## نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

وا پێویست دەکات ئەو کێشەیەی ئێستات بەبێ دەنگی چارەسەر بکەیت، چونکە ناحەزت زۆرەو هەوڵ دەدەن کێشەکەت ئاڵۆزتر بکەن، هەر لەماوەیە ماندوویێتیت پێوە دیارە.



## پەندی ناوداران



- مارتن لۆسەر کینگ، لەسەر دەرکەوتن و دیار بوون دەڵێت:

تەنیا لە تاریکیدا ئەستێرەکان بە گەشی و جوانی دەبینرێن !

## دیـوانـە شـیعر



حەقیقی شاعیر دەڵێت :

دەردی دووری زۆر گرانە دڵبەرا هیجران بەسە
دڵ وەکوو پەروانە سووتا چاوەکەم سووتان بەسە
عاقڵان شەیدا دەبن ڕووبوندی سەرو ڕوو لامەدە
عاشقان کوشتەی جەفاتن قەتڵی مەزلوومان بەسە

س: ئەستێرەکانی شیعری کلاسیك

## نوکتە



- پیاوێك یەك ملیۆن دۆلار دەباتەوە، دەڕواتەوە ماڵێ بە ژنەکەی دەڵێت. ئەویش لە خۆشیا جەڵتە لێی دەدات و دەمرێ. پیاوەکەش دەڵێت: سوبحانەڵا، خێر و بەرەکەت بە یەکجاری ڕووی تێکردووم..

- یەکێك لە باوکی دەترسێت و فێربووە بە دزییەوە لە سەربان جگەرە دەکێشێت. ڕۆژێکیان لە پڕێکا باوکی دەچێت بەسەریدا. لەترسا سەری لێ تێك دەچێت: جگەرەکەی دادەنێت و خۆی فڕێ دەداتە خوارەوە..